# ئایا هەڵبژاردنی کوردستان یاساییە؟

هەڵبژاردن وەکوو پرۆسەیەکی دیموکرسی مۆردێرینترین شێوازی ململانێی ئایدیۆلۆژی وسیاسی حیزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای پێشکەوتووی سەردەمە، کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە گروپە سیاسیەکان ململانێی دەسەڵات دەکەن و گەل دەبێت بە خاوەنی بڕیاری کۆتایی بۆ ڕێگە پێدان و هەڵبژاردنی ئەو لایەنەی خواستی زۆرینەی گەل دابین دەکات لەڕێی بانگەوازکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی دیاریکراو بە پێی بۆچونی خۆی بۆ بەڕێوەربردنی کۆمەلگا، جا ئەو گروپ و لایەنانەی دەکەونە ناو ەو ململانێیە هەر یەکەو بە پێی ڕێژەی دەنگەکان شوێن دەگرن لەو پەرلەمانەدا، و دوایی چەند لایەنێک کە ژمارەی ەندامانیان زۆەینەی پەرلەمان بێت یان باوەڕی زۆرینەی پەرلەمان بەدەست بێنێت حکومەت دادەمەزرێنێت.
بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە سەرکەوتوو بێت ئەم فاکتەران پێش وەخت دابین کرابێت.

1- سەرژمێریەک بۆ ئەو کۆمەڵگایە.
2- دەستنیشانکردنی سنور یان جوگرافیای ئەو وولاتە کە هەڵبژێرراوان حکومڕانی تێدا دەکەن.
3- هەر نوێنەرێک نوێنەرایەتی چەند کەس دەکات لەو کۆمەڵگایەدا.
4- مەرجی خۆپالاوتن و تەمەنی دەنگدەران.
5- ئەوانەی کە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن بریتین لە حیزب،پێکهاتە(لیست) یان تاک.
6- بواری دەنگدان بە پێکهاتە(لیست) یان تاک لەناو ەو پێکهاتەیە.
7- هۆی هەڵبژاردن، ئایا بەپێی تەواوبونی خولی پەرلەمان یان لەبەر ئەوەی کە حکومەت زۆرینەی پەرلەمان بەدەست نەهێنێ لە دابەشکردنی بودجەی ساڵانە یان چەند بڕیارێکی سەرەکی یان باوەڕ سەندنەوە لە حکومەت لەبەر هەر هۆیەک بێت.
8- تەرخانکردنی میدیای فەرمی کە هەموو حیزب و لایەنەکان بە یەکسانی بواری ڕوونکردنەوەی بەرنامەیان هەبێت و توانای بانگەوازکردنی یەکسانیان هەبێت بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی خەڵک بۆ دەنگ پێدانیان.
9- تەرخانکردنی بوجەی هەڵبژاردن بۆ حیزب و لایەنەکان، لە ڕێی پیتاکی ڕێکخراوەیی کە هەیانە لە بوجەی ساڵانەی دەوڵەت یان لە کاتی هەڵبژاردندا تەرخان دەکرێ وەک پیتاکی هەڵبژاردن.
10- دەستنیشانکرنی بنکەی دەنگدان بە ڕەچاو کردنی ڕێژەی دانیشتوان کە بە شێوەیەک بێت بواری هەموو تاکێک هەبێت لە ماوەی ئەو چەند کاتەی کە تەرخانکراوە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بۆ دەنگدان بتوانن بگەنە شوێنی دەنگدان، بۆ ئەوانە لە هەندەران ئەژین لە هەر وولاتێک ڕێژەیەکی دیاریکراو هەبێت یان نوێنەرایەتی (قونسول یان سەفارەت) بنکەی هەڵبژاردنی تێدا بکرێتەوە، یان بە نامەی پێش وەخت دەنگی خۆیان بگەیەنن بە جێگای مەبەست.

ئەگەر ئێمە سەرنجی هەڵبژاردنی کوردستان بدەین و بەراودری بکەین لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی سەرەوە بڕی زۆریان نیە و هەندێکی زۆریشی جێی پرسیاری گەورەیە، بۆ ڕۆشنایی زیاتر با بەراوردی ئەو خاڵانەی سەرەوەبکەین و بزانین بە تێکڕایی ەو هەڵبژاردنە یاساییە یان نا.

1- سەرژمێری کوردستان نیە
2- سنوری جوگرافیای کوردستان دەستنیشان نەکراوە، ئەو شوێنانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن دەسەڵاتی کوردیش بە هەموو باشوری کوردستانی نازانێت، بەڵکو زۆر شوێن هەیە کە بە بەشێک لە کوردستانی ئەزانێت و ڕێگایان پێ نەدراوە بەشداری بکەن.
3- کە سەرژمێریەک نەبێت بۆ دانیشتوانی کوردستان واتە نوێنەرایەتیەکە لەسەر بنەمایەکی ڕێژەیی نیە، هەروەها ئەگەر ئەو پەرلەمانە نوێنەرایەتی هەمو باشوری کوردستان(ئێراق) بکات واتە شارو شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگاکانی خانەقین، کەرکوک،سلێمانی،موسل،دهۆک وهەولێر ئەبێ بگرێتەوە هەروەها هئەو کوردانەی لە هەندەرانن، بەڵام کە تەنها نوێنەرایەتی دانشتوانی سنووری پارێزگای سلێمانی،هەولێر و دهۆک بگرێتەوە واتە ناتوانرێێت ناوی پەرلەمانی کوردستانی لێ بنرێت لەبەر ئەوەی بە پێی هەڵسەنگاندنی ڕێژەیی بۆ ئەو شوێنانەی کە دابڕاون لە هەڵبژاردن ڕێژەیان لە 50% زیاترە.
4- کە مەرجی خۆپالاوتن ئەوە بێت کە ئەبێت پۆلی شەشی ئامادەیی تەواو کردبێت ئەوە کێشە دروست دەکات لەبەر ئەوەی کە زۆر کەس هەن لەبەر خەبات و بەشدارییبون لە شۆڕش بواری تەواوکردنی خوێندنیان نەبوە بەڵام شایستەی ئەندامێتی پەرلەمانن و خەڵک ئامادەن دەنگیان بدەنێ، لەوانەش زۆر ناو هەن کە لە سەرکردایەتی

حیزبەکان هەیە ئەو مەرجەیان تێدا نیە بەڵام هەر بەشدار دەبن، جا ئەوەش دوبەرەکیەک پێک بێنێ و ئەبێت وەڵامی هەبێت.

5- بەشداریبوان تەنها لە حیزب و پێکهاتە(لیست)

6- دەنگ تەنها بۆ لیست ، دەنگی تاک ناژمێررێت

7- هۆی هەڵبژاردن نادیارە، ئامانجەکان لە شەرعیەت دان بە سەرجەم ئەو رێککەوتنانەی کە دەسەڵاتی کوردی ئەنجامی داوە لەگەڵ لایەنە دەرکیەکان لە ناو و دەرەوەی ئێراقدا هیچ ئامانجێکی تر بەدی ناکرێت.

8- میدیای فەرمی نیە، ئەو لایەنەی کە میدیای تایبەتی خۆی هەیە ئەتوانێت بەکاری بهێنێت ، ئەوەشی نیەتی کێشەی خۆیەتی.

9- بوجەی هەڵبژاردن نیە، بوجەی حیزبحش تەنها بەوانە دەدرێت کە لە سەنگەر یان پاشکۆی یەکێک لە هەردو لایەنی دەسەڵاتدارن، تەنانەت ئەوانەی کە مۆڵەتی حیزبیشیان هەیە ئەگەر ملکەچی بڕیار و هەڵوێستەکانی ئەو 2 لایەنە نەبن پێیان نادرێت.

10- لەبەر نەبونی سەرژمێرییەک بنکەی دەنگدان بە هەڕەمەکی دانراوە بێ ڕەچاوکردنی ڕێژەی دانیشتوانە لە چوارچێوەی ئەو شارانەی کە ڕێگەیان پێدراوە دەنگ بدەن، کوردی دەرەوەی ئەو شارانە و هەندەران بۆیان نیە دەنگ بدەن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڵام بۆیان هەیە بۆ ئێراق دەنگ بدەن!!!.

ئەوەی کە بۆمان دەردەکەوێت لەم هەڵبژاردنە تەنها ئاشکراکردنی دامەزراندنی چەند کارمەندێکە لە دەزگایەک کە ناوی پەرلەمانە بەڵام بە بێ ڕەچاو کردنی بناغەکانی دامەزراندنی کارمەند  یان هەڵبژاردن کە پەیڕەو دەکرێ لە جیهاندا.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانیشە ئەم پەرلەمانە تەنها بۆ 9 مانگە، جا نازانین دوای ئەم 9 مانگە چی ڕوو دەدات و ئایا بۆ ڕێککەوتننامەی کەرمەندانی(ئەندامان)ی پەرلەمانی پێشوو تازە نەکرایەوە بۆ ئەم 9 مانگە و هەوڵ بدرێت هەتاوەکو ئەو ماوەیە فاکتەرە سەرەکیەکانی هەڵبژاردن ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی هەڵبژارنەکە جێی باوەڕ بێت و هەمو تاکێکی کوردستان بواری پێشبرکێ و دەنگدانی هەبێت تێیدا و بتوانین شانازی پێوە بکەین.

بەڕای ئێمە ئەو هەڵبژاردنە یاسایی نیە و هیچ شەرعیەتێکی نیە لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، ئەو پەرلەمانە بە هیچ شێوەیەک خاوەنی بڕیار نابێت و تاکە جیاوازی لەگەڵ ئەوەی پێشوودا چەند دەموچاوێکە ولە (ئەشهەدو بیلا) زیاتر هیچی تری پێ ناکرێ لەبەر ئەوەی ئەوان بەو مەرجە دادەمەزرێن.

مەترسی ئەم جۆرە دامەزراندنە (هەڵبژاردنە) لەوەدا نیە کە کێ و چۆن و بۆ دادەمەزرێن، مەترسیەکە لەم قۆناغە چارەنوسسازەیە کە باشوری کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ کە دوچاری ئەگەرەی لەناوبردنی ناسنامەیی بووەتەوە و یەکێکی وەک (نزار ئەلخەزرەجی) کە داواکراوە لە لایەن ئەنتەرپۆل (پۆلیسی نێودەوڵەتی)یەوە و بە تاوانی کۆمەڵکوژی گەلی کورد و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی تۆمەتبار کراوە لەلایەن دادگای دانمارکەوە ئێستا لە باشوری ئێراقە و مەشق بە گاردی نیشتمانی ئێراق دەکات و لەشکری ئێراق پێک دێنێتەوە، جا نازانین ئەو پەرلەمانە کە ڕای هەموو گەلی لەگەڵ نەبێت چۆن ئەتوانێت باشوری کوردستان بپارێزێت بەرامبەر بە لەشکرێک کە یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی تیرۆریستێکی وا بێت یان ئەو سەربازانە چی فێر دەبن لە یادەوەریەکانی (نزار ئەلخەزرەجی)  و چۆن پەیڕەوی ئامۆژگاریەکانی ڕاهێنەرەکەیان دەکەن  بۆ پاراستنی ئێراقی هیوا و ئاشتی، ئەو ئێراقەی کە هەموو بانگەوازی بۆ دەکەن و هەوڵی پێکێنانی بۆ دەدەن.

بەڕای ئێمە:

- بەشداریبونی گەلی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئێراق و پێکێنانەوەی ئێراق لەم بارودۆخەی کە باشوری کوردستانی تێدایە و ئەم هەل و مەرجەی کە هەڵبژاردنی ئێراقی تێدا دەکرێ، پڕ مەترسی و مەینەتیە بۆ گەلی کوردستان و ڕازیبونە بە تیرۆرکردنی هەموو خواست و مافەکانی گەلی کوردستان.
- هەڵبژاردنی کوردستان بەم شێوەیە نایاساییە و پێویستە دوابخرێت تاوەکو سەرجەم گەلی کوردستان بەشداری تێدا بکات و بوار بڕەخسێت بۆ هەمو حیزب و ڕێکخراوە و تاکی کوردستان بە ئازادی بەشداری بکات ، و پێویستە میدیا بواری یەکسان بدات بە هەمو لایەنەکان بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان هەروەها بوجەی هەڵبژاردن دابین بکرێت بە یەکسانی بۆ لایەنەکان.

**سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان**

**نۆڤەمبەری 2004**